دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن سەرجەم تانکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەتکردەوە

دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن وەڵامی سەرجەم تانکانی لەبارەی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دایەوە و گشت تانکانی دەتکردەوە.

جومانە غەلای، گوتەبژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق بە میدیاکانی راگەیاند: "سەرجەم تانکان ڕەتکراونەتەوە".

41 تانە لەبارەی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێشکێش بە کۆمیسیۆن کرابوون کە 30ـی تشرینی یەکەم ڕاگەیەندرا.

زۆرینەی ئەو تانانەی پێشکێش بە کۆمیسیۆن کراون، لە سنووری بازنەی سلەمانی بوون کە 25 تانە بوون، لە هەولێر 12 تانە، لە دهۆک 3 تانە و لە هەڵەبجەش تەنیا یەک تانە پێشکێش کراوە.

عیماد جەمیل، سەرکی تیمی ڕێژنامەڤانیی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق ڕایگەیاند: "دوایین قۆناخ پێسندکردنی ئەنجامەکانە لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمیسیارانەوە لە دوای گەڕانەوەی وەڵامی تانکان".

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە 20ـی تشرینی یەکەم بەڕێوەچوو، پارتی لە ڕیزبەندی یەکەم بوو بە بەدەستهێنانی 39 کورسی و یەکێتی بە 23 کورسی لە ڕیزبەندی دووەم بوو.